# ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر-بەغدا لە دوای داعش

04-10-2017

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** لە ماوەی کەمتر لە دوو دەیەی رابردوودا، دوو جەنگی گرنگ رێگایان بۆ گۆڕانکاریی گەورە لە عێراق خۆشکرد کە ئەوانیش "جەنگی 2003" و "جەنگی داعش" بوون. جەنگی یەکەم عێراقی گۆڕی، بەڵام ناسەقامگیری کرد. بە ئەگەری زۆر، جەنگی دووەمیش باری ناسەقامگیری عێراق بەلایەکا دەخات و ئایندەی دیاریدەکات. چۆن دەرکەوتنی "داعش" گۆڕانکارییەکی گەورەی لە سیاسەتی ناوخۆیی عێراق و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دروسکرد، کۆتایی جەنگەکەیشی دەتوانێت خاڵێکی وەرگۆڕان دروسبکات.

له ماوەی کەمتر لە دوو دەیەی رابردوودا، دوو جەنگی گرنگ ڕێگایان بۆ گۆڕانکاریی گەورە لە عێراق خۆشکرد کە ئەوانیش "جەنگی 2003" و "جەنگی داعش" بوون. جەنگی یەکەم عێراقی گۆڕی، بەڵام ناسەقامگیری کرد. بە ئەگەری زۆر، جەنگی دووەمیش باری ناسەقامگیری عێراق بەلایەکا دەخات و ئایندەی دیاریدەکات. چۆن دەرکەوتنی "داعش" گۆڕانکارییەکی گەورەی لە سیاسەتی ناوخۆیی عێراق و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دروسکرد، کۆتایی جەنگەکەیشی دەتوانێت خاڵێکی وەرگۆڕان دروسبکات. بەهێزبوونی میلیشیاکان، فاکتەری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، عێراق وەك یەکەکی سیاسی دەگۆڕن. بەڵام بارودۆخی ناخۆیی و سیاسەتی دەوڵەتان وادەکات تا ماوەیەکی دیکەش درزەکانی دەوڵەتی عێراق پینە بکرێن. لەوانەیە ئەمەش بە مۆدێلی فیدراڵییەکی گشتگیر بۆ قۆناغی دوا داعش بکرێت. ئەمە چارەسەرێکی کاتییە و ناتوانێت ڕێگا لەبەردەم پرۆسەی شکستی دەوڵەت بگرێت. توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر- بەغدای نییە و واتای هاتنی سەردەمێکی پڕ لە ناکۆکیی و کێشمەکێش لەبەینی هەردوولا دەدات کە لەوانەیە پێکدادانی سەربازیشی تێکەوێت. بەشێوەیەکی گشتی ناکۆکیی و کێشمەکێش لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا، بەگوێرەی قۆناغە جیاوازەکان بەرز و نزمیی بە خۆوە بینیوە، بەڵام هیچ کات سروشتی پایەدار و بەردەوامی خۆی لە دەسنەداوە. هەرێمی کورردستان ئێستا پێگەی کونفیدراڵییەکی دیفاکتۆی هەیە و لەوانەیە دواجار بەرەو کونفیدراڵییەکی دیجۆر یان سەربەخۆیی بچێت. لەم ڕێگایەشدا، قۆناغێکی پڕ کێشە مۆری خۆی لە پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا دەدات.

لینکی تەواوی لێکۆڵینەوەکە:

[ئایندەی پەیوەندیەکانی هەولێر-بەغدا لە دوای داعش]